# کوشتنی ڕەیانو جەمسەرەکەی تری تیرۆریزم

**دیار عەزیز شەریف**

لەفیلمێکی ئەمریکی منداڵێك لەشوێنێکدا کە قسەی دایکی بەدڵ نەبوو وتی "من تەمەنم حەوتساڵەو خاوەنی ویستی خۆمم" بەڵام با بزانین لەنێو ئەجێندا دیموکراسییەکەی ئەمریکا لە عێراقدا، منالآنی ئێمەش دەتوانن خاوەنی ویستی خۆیان بن؟! ئەو ڕستەیەی وەڵامی ڕاستەقینەی ئەم پرسیارە خەمهێنەرە دەداتەوە، هەواڵی کوشتنی ڕەیانی هەشت ساڵانە لە ئێوارەی حەوتی ئەم مانگە بەهۆی گوللەی ئەمریکییەکانەوە ؟!

وێنەی منالێکی هەشت ساڵان، دەم بەخەندەو چاو پڕ لەهیوا لێماندەڕوانێت...بەڵام ئەفسوس ئەم کچە جوانکیلەیە کە قژە جوانەکەی بەسەر شانیدا هاتۆتە خوارەوە، ئێستا وا لەژێر گڵدایە... گەورەترین تاوان لەدوای تاوانی کوشتنەکە خۆیەوە بێت، بێدەنگی کۆمەڵگاو دەسەڵاتی ئەم ولاتەیە لەئاست تیرۆرکردنی منالێکی هەشت ساڵانە.... ئەگەر بینەر لەوێنەکەی وردبێتەوە زۆر شت بەدی دەکات، منالێك بێ داهاتوو، کائینێکی پڕ لەبەرائەت کەوتۆتە زەمەنو جوگرافیایەکەوە، لەبری پێشکەشکردنی گوڵ، گوللە چاوەڕوانی دەکات. لە هەموو دونیا منالآن ئایندەی ولاتنو منالٚ لەوێ بە خەڵکی ولاتەکەی جۆرج بۆشەوەش –کە گوللە بەنێوچەوانی منالە بێنازەکانی ئێمەوە دەنێت– خاوەنی ئیرادەو خەونی خۆیانن، کۆمەڵگا هەمیشە ئایندەی جوانتری خۆی لەسایەی پەروەردەو بەرز نرخاندنی ئەم کائینە جوانەوە ڕەنگڕێژدەکاتەوە... ئەوە تەنیا تەقینەوەو گروپە تیرۆریستە ئیسلامگەراو شۆڤێنیستەکان نین کە ڕەیان دەکەنە ئامانجی نیازە گلاوەکانیان، بەڵکو ئەوە ئەمریکییەکانیشن کە لەسەرتاسەری جیهاندا جەمسەرێکی تری زۆر کارای ئەو تیرۆرەن کە لەسەدەی بیستو یەکدا لە شێوەی جەنگێکی نوێ هاتۆتە نێو قووڵایی کۆمەڵگاوە؟! یەکێك لەخانەوادەکەی ئەو کچە دەڵێت "زۆربەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئامادەنەبوون هەواڵی کوژرانیشی بلاوبکەنەوە" ئەوە چ تەسلیمبوونێکە بە ئیرادەی عەسکەرتارییەتی ئەمریکی، بێدەنگی دەسەڵاتدارانی ولاتێك بگاتە ئەو ئاستەی کە ئەوان بەئارەزووی خۆیان لەشارێك تەراتێن بکەنو خەڵکی مەدەنی بکەنە ئامانجی خۆیان؟

لە پەراوێزی هاوکێشە سیاسییەکانو ململانێیەکانی نێو شاری کەرکوك، ئەو خۆرئاواییە دیموکراسخوازانە بەتەقاندنی گوللەیەك ڕەیان دەکوژنو دواجار بە درکاندنی وشەیەکی نەرمو نیانی "sorry" دەستی خوێناوی خۆیان دەشۆنو ماڵێکی تر وێران دەکەن...؟! ئەوان دەزانن ئەو دەسەڵاتەی لەم ولاتە دایە لەبەرامبەر هەیمەنەی ئەمریکی چەند بچووکو بێدەسەڵاتە، هەر بۆیە هێزە سەربازییەکانو مەدەنییە چەکدارەکانیان لەکاتی سووڕانەوەو هاتووچۆیاندا لوولەی چەکەکانیان ئاراستەی خەڵك کردووەو هەر کاتێك بچوکترین گومانیان لەدەوروبەری خۆیاندا هەبێت دەست لەکوشتنی خەڵکی سڤیلو بێ تاوان ناپارێزن..ئاخر شەڕکردن لەسەر شارێكو گەڕاندنەوەی بۆ نێو سنووری هەرێمی کوردستان هەر تەنها لەپێداگرتن لەسەر ماددەیەکی دەستووری بەس نییە، ئەگەرهاتوو لە کوشتنی ئینسانە بێتاوانەکانی نێوی بێدەنگ بین، هێرشکردنە سەر ئۆتومبێلێکی مەدەنی کە ژنو منالی تێدا بێت یەکەمجار دەستەپاچەیی دەسەڵاتی کوردی لەکەرکوك لەئاست بالآدەستی ئەمریکییەکانەوە دەردەخات، دووەمینیش کوشتنی منالێك تیرۆرێکە کە گەرەکیەتی بەکوشتنی ئینسانەوە خۆشخەیاڵمان بکات بەوەی کە لەداهاتوودا دیموکراسیەتمان بەدیاری بۆ دێنێت؟!

با یادی ڕۆژی جیهانی منداڵان 6/1 بکەینە ڕۆژێك بۆ ئیدانەکردنێکی فەرمیو سەرتاسەری تیرۆرکردنی ڕەیان لەلایەن سوپای ئەمریکییەوە، لەو ڕۆژەدا بێدەنگی بشکێنینو سنوورێك بۆ ئەو تاوانانە دابنێین کە لە هەر شوێنێکی ئەم ولاتە لە بەرامبەر ئەو کائینە پاكو بێگەردە دەکرێت کە نەوەی داهاتووە.